فراکسیۆنی یەکێتیی لە پەرلەمانی عێراق سەرکۆنەی لەشکرکێشی سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان دەکات



فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق سەرکۆنەی لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ خاکی هەرێمی کوردستان دەکات:عێراق نێتوایۆی خۆی بەهێز بکات بۆ ڕووگری لەم پێشێلکاریانە.

فراکسیۆنی یەکێتیی لە پەرلەمانی عێراق ئەمڕۆ شەممە ڕایگەیاند، چەند ڕۆژێکە ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا بەردەوامە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە لە ئەنجامی بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکە زەرەرو زیانێکی زۆر گیاندووە بە باغ و ڕەزی هاوڵاتیانی ناوچەکە وە بۆتە مایەی بێزارکردنی هاوڵاتیانی ناوچەکە، ئەم وەک فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ڕەگەزانی قوڵی خۆمان دەردەبڕین و ئەم پێشێلکاریانەی سەرخاکی هەرێمی کوردستان و سەروەری عیراق شەرمەزار دەکەین، چونکە پاراستن و ئاسایشی وڵات و سەلامەتی هاوڵاتیان دەخاتە ژێر مەترسی، هەروەها پێشێل کردنی یاسا نێودەوڵەتیەکانە.

لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە، بەیەکەوەستەی حکومەتی هەرێم بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ ڕووگری بکەن لەم جۆرە پێشێلکاریانەی سەر خاکی هەرێمی کوردستان و سەروەری عێراق، بە دەنگی حکومەتی عیراق و بەهەمان شێوە حکومەتی هەرێم لەهەمبەر ئۆپەراسیۆنەکەی ئاوا گەورەی تورکیا لەسەرخاکی هەرێمی کوردستان، کە پێشێل کردنی سەروەری عێراق و یاسا و ڕەسا نێودەوڵەتیەکانە ، دەنگدانەوەی دەبێت لەسەر

متمانەی عێراق و بەهەمان شێوە هەرەمی کوردستان لێنێو کەمێگای نوودوێتی و هاوڵاتیانی خۆی بۆتایبەتی، بەرادەوامی ئەم پێشێلکاریانە بۆ ئێوە دڵگرتۆوە کە تائێستا عیراق نێیتوانیوە خۆی بەهێز بکات و ولامی ئەم جۆرە پێشێلکاریانە بداتەوە، بۆیە داواکارین حکومەتی فیدراڵ بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم ڕێگری بکەن لەم جۆرە پێشێلکاریانە کە ئامانج لێی تەنها تێکدانی ئارامی وەڵات و پێشێلکردنی سەروەری عیراقە، لە هەمانکاتدا داواکارین قەربووی کەس و کاری شەهیدەکان و زەرەرو زیانی هاوڵاتیان بکرێتەوە هەروەها لە ماوەی ڕابردودا وەک فراکسیۆنی یەکێتی ئەم داوایەمان ئاراستەی سەرکی حکومەتی فیدەال کردوە بۆ قەربووکردنەوەی زیان لێکەوتوان.